كاريگەری شێوەزاری ناوچەیی لە نوسینەکانی (هێمنی موکریانی) دا

م.ی.عمر احمد عبدالرحمن(ماستەر)، زانکۆی سۆران

تاثير اللهجة المحلية على كتابات (نتاجان) هيمن موكرياني

م.م.عمر احمد عبد الرحمن

ملخص البحث :

اللغة الرسمية هى اللغة الادبية عند ادباء معضم الشعوب، لكن عند الكورد، لأن اللغة الرسمية لم تستقر بعد، فاللهجات المختلفة هي اللغة الأدبية، وفي بعض الحالات اصبحت اللهيجات المحلية لغة ادبية او ظهر انعكاساتها في النتاجات الأدبية الكوردية. لهجة الوسطى في اللغة الكردية اصبحت اللغة الأدبية الى حد بعيد، وتكتب بها النتاجات الأدبية منذ فترة طويلة، هذه النمط هي نفس تلك التي كتب بها الشعراء (نالى و سالم وكوردى ...الخ) نتاجاتهم . الشاعر (هيمن) احد الشعراء الذين ينتمون الى اللهجة الموكريانية للغة الكوردية والتي هي احدى لهيجات اللهجة الوسطى، لذا نظم اشعاره و نتاجاته الأدبية بهذه اللهجة الشبه الرسمية، ولكن لأن الشاعر قضى معضم حياته في البيئة القروية و الزراعية و البدو في منطقة الموكريان، تعلم واتقن من خلالها خصائص لهيجته المحلية (موكري) و تراكم لديه الكلمات و الظواهر اللغوية الخاصة بهذا المنطقة، لذا وقع تحت تأثير هذه الثقافة الغنية والاصيلة منذ صغره، وعند كتابته لاشعاره ونثره لم يستطيع ان يخرج من تأثيراتها، و التأثير هذه الى تلك الحد بحيث بمجرد قراءة نتاجاته تتبين بأنه ل(هيمن) و ينتمي الى منطقة موكريان.

هذا البحث محاولة لمعاينة وتشخيص انعكاس اللهيجة المحلية و المناطقية على كتابات الشاعر الكوردى (هيمن موكرياني) و مدى تجسيدها في نتاجاته الأدبية. يتضمن البحث فضلا عن المقدمة والنتائج، تمهيدا وثلاثة اقسام، التمهيد مخصص لبحث انقسام اللغة الكردية الى لهجات واللهجات الى (لهيجات)، مع ملخص عن حياة الشاعر. وفي القسم الاول تناول البحث الاختلافات الموجودة بين الشكل الرسمي و اللهيجة الموكريانية من الجوانب الصوتية وانعكاسها في نتاجات الشاعر، القسم الثاني تتناول انعكاس النمط و اللهيجة المحلية في نتاجات الشاعر من الناحية الصرفية والقاموسية، اما في القسم الثالث فتناول تلك التأثيرات من الناحية النحوية.

مفاتيح الكلمات(Keyword):

– **شێوەزاری ناوچەیی**	اللهيجة	sub-dialect
– **جیاوازییە دەنگییەکان**	الاخلافات الصوتية	Phonemic differences
– **وشەڕۆنان**	بناء الكلمة	Word formation
– **جیاوازییە لێکسیکییەکان**	**اختلافات القاموسيه**	Lexical differences

– جیاوازییە رستەییەکان	الاتلافات النحویە	Syntactic differences
– ریزبوونی کەرستە	ترتیب الوحدات النحویە	Word order

پێشەکی

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (کاریگەری شێوەزاری ناوچەیی لە نوسینەکانی هێمنی موکریانی دا)، لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکاری بەراوردییە، لەچواچێوەی دەنگسازی و ڕێزماندایە. لە لێکۆڵینەوەکەدا هەردوو شێوەی ستاندەر(ناوەڕاست) وشێوەزاری موکریان بەیەك گیراون و جیاوازییەکان دەست نیشان کراون، بەڵام تەنیا لەو شوێنانەی کە لای هێمنی شاعیر بەکارهاتوون، بەو واتایەی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەموو ئەو جیاوازیانەی دەستنیشان نەکردووە، کە لە نێوان ئەم دوو شێوەیەدا بەدی دەکرێت، بەڵکو تەنیا ئەم شوێنانەی تاوتوێ کردووە، کە کاریگەریی شێوە ناوچەییەکە(مەرج نییە تەنیا شێوەی موکریان بێت) لە نوسینەکانی هێمندا بەرجەستە بووە و ڕەنگی داوەتەوە. بۆ هەر دیاردەیەکیش چەندین نموونە خراوەتەڕوو.

لێکۆڵینەوەکە جگە لەم پێشەکییە و ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان، لە دەروازەیەك و سێ بەش پێك هاتووە. لە دەروازەکەدا زارەکانی زمانی کوردی خراونەتەڕوو لەگەڵ دەست نیشان کردنی شێوەزارەکانی هەر زارێك لە زارەکانی زمانی کوردیدا، دواتر سنوری قسەپێکەرانی شێوەزاری موکریان دەستنیشانکراوە. ئینجا کورتەیەکی ژیانی هێمن باسکراوە.

بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە تەرخانکراوە بۆ هەموو ئەوکایگەرییە ناوچەییانەی لە نوسینەکانی هێمندا بەرجەستە بوون، لەڕووی دەنگسازییەوە و لەشێوەی خشتە نموونەی وشەکان دەستنیشان کراوە. لەبەشی دووەمدا هەمان ئەوکاریگەرییانە خراونەتە ڕوو لە ئاستی وشەسازی دا، دواتر بەپێی پولینێك جیاوازییە لێکسیکییەکان لەشێوەی خشتە خراونەتە ڕوو. بەشی سێیەم تایبەت کراوە بە هەموو ئەو جیاوازییانە لەڕووی رستەسازییەوە، لەگەڵ شیکردنەوەی ئەو دیاردە جیاوازانەی لای هێمن بەرجەستە بوون، پاشان بەراوردکردنیان لەگەڵ شێوەی ستاندەری زمانی کوردی.

دەروازە :

زار ((شێوەی لێدوان و قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێکە لە نەتەوەیەکدا و... چەند تایبەتییەکی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازیی خۆی هەیە))[١]. هەر زمانێك لە کۆمەڵە زارێك پێکهاتووە. بێگومان هەموو قسەپێکەرانی زارێکیش وەکو یەك قسەناکەن، چونکە ئاخاوتنی هیچ ((مرۆڤێك لە مرۆڤێکی تر ناچێت، بەم پێیە ئاخاوتنی دێیەك لە دێیەکی تر و شارێك لەگەڵ شارێکی تر و ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەکی تر جیاوازە و ئەگەر جیاوازییەکە زۆر بوو دەبێتە زار))[٢]، جیاوازیش لە ئاستێکی نزمتر لە زار دەبێتە (شێوەزار)، ((شێوەزاریش لە چەند شێوەزارێکی ناوچەیی(شێوەی ئاخاوتن) پێکدێ))[٣]، یان هەندێك پێی دەڵێن (زمانی ناوچەیی).

زمانی کوردی لە چەند زارێکی سەرەکی پێکهاتووە، هەر زارێکیش لە چەند شێوەزارێك پێکهاتووە، کە ئەمانەن[٤]:

زاری[٥] ژوروو: شێوەزارەکانی (بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، زاری ڕۆژئاوا) دەگرێتەوە.

زاری ناوەڕاست: شێوەزارەکانی (موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی) دەگرێتەوە.

زاری خواروو : شێوەزارەکانی (لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسێنی، کوهگلوو، لەکی، کەڵهوڕی) دەگرێتەوە.

زاری گۆرانی : شێوەزارەکانی (گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازایی) دەگرێتەوە.

(هێمن)ی شاعیر، کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە، یەکێك بووە لە قسەپێکەرانی زاری ناوەڕاست و بەرهەمەکانی بەو زارە نووسیوە. شاعیر لە بەهاریساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی (١٩٢١ی زاینی)، لە گوندی (لاچین) نزیکی سابلاخ(مهاباد) لەدایکبووە[٦]، بەم پێیە شوێنی لەدایکبوونی (هێمن) دەکەوێتە ناو جوگرافیای شێوەزاری (موکری)ی زاری ناوەڕاستەوە، چونکە ئەو شێوەزارە لە ناوچەکانی ((شنۆ، نەغەدە، مەراغە، میاندواو، شاهێن دژ، سەقز، بۆکان، بانە، سەردەشت و مهاباد))[٧] قسەی پێ دەکرێت.

بناغەی ئەدەبیاتی زاری ناوەڕاست، لەلایەن شاعیرانی سەردەمی میرنشینی بابان، وەك (نالی، سالم، کوردی..) دانراوە، ئەو شاعیرانەش بە شێوەزمانی ئەوکاتی سلێمانی شیعریان نووسیوە، ئەو شێوەیەش تا ڕادەیەکی زۆر وەکو زمانی ستاندەرد ڕۆڵی بینیوە و بووە بە زمانی ئەدەبیات و ڕۆژنامەگەری و شاعیرانی ناوچەکانی تری کوردستان لە موکریان، ئەردەلان، هەورامان، گەرمیان..هتد، شیعریان پێ نووسیوە[٨]. (هێمن)یش پەیڕەوی ئەوەی کردووە و تەنانەت زۆریش کاریگەربووە بە شاعیرانی وەکو (نالی، گۆران)[٩]، بەڵام لە کاریگەریی شێوەزاری ناوچەکەی خۆیشی بەدەرنەبووە. (د.عەبدوڕەحمان قاسملوو) دەڵێت ((هێمن، کە خۆی خەڵکی موکریانە، تەعەسوبی بەکارنەهێناوە و بە زاراوەی موکریانی شیعر نالێ، بەتایبەتی لەم چەند ساڵی دواییدا زمانی هێمن نموونەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوردییە))[١٠]، بەڵام ئەگەر چاوێك بە بەرهەمەکانیدا بخشێنین، دەبینین کاریگەریی شێوەزاری موکریانی بە زمانی (هێمن)ەوە دیارە، ئەگەرچی بەتەواوی پەیڕەوی ئەو شێوەزارەشی نەکردبێت، (هەڵبەت مەبەستمان بەکارهێنانی تەعەسوب نییە لە لایەن هێمنەوە). ئەمەش وای کردووە زمانی هێمن جیاوازیی هەبێت لەگەڵ زمانی شاعیرانی سەردەمەکەی خۆی، کە ئەو شێوە ستاندەرەیان بەکارهێناوە، جیاوازییەکەش لە هەموو ئاستەکانی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، لێکسیکی) دا دەبینرێت.

بۆ دەستنیشانکردنی ڕەنگدانەوەی زمانی ناوچەیی لە نوسینەکانی هێمندا (چ شیعر بێت یاخود پەخشان). دەبێ هەوڵبدەین ئەوزمانەی کە هێمن پێی نوسیوە لەگەڵ ئەو نیمچە ستاندەرەی کورد پێی

دەنوسێت بەراورد بکەین و بەیەکیان بگرین، پاشان کاریگەری و ڕەنگدانەوەی زمانە ناوچەییەکە دەستنیشان بکەین. دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین، کە ئەو زمانە ناوچەییەی لە نوسینەکانی هێمندا ڕەنگی داوەتەوە دەبێ شێوەی ئاخاوتنی موکریان بێت، چونکە وەك لەسەرەتادا ئاماژەمان پێدا، هێمن لەدایکبووی دێیەکی سەر بەشاری مهابادە و ئەم شارەش مەڵبەندی سەرەکی موکریانە، ئەو شێوە ئاخاوتنەی خەڵکی ئەو ناوچەیە قسەی پێدەکەن یەکێکە لەشێوەزارەکانی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی، کە ئەمڕۆ بووە بە نیمچە ستاندەر. دیارە هەرکەسێك لە ناوچەیەکدا زمانی پژابێت، بە ئاو و هەوای ئەم شوێنە گۆشکرابێت، لەدواییدا شێوەی قسەکردن و زاراوەی ئەم ناوچەیە لە قسەکردن و نوسینەکانی ڕەنگدەداتەوە، ئەگەر بەزمانی ئەدەبیش بنوسێ، بەتایبەتی یەکێکی وەکوو هێمن کە تەواوی ژیانی منداڵی و هەرزەکاری لە ژینگەی لادێیی ناوچەی موکریان بەسەربردووە و لەژینگەیەکی تاڕاددیەك کشتوکاڵی و مەڕداری پەروەردەبووە، بەتایبەتیتریش هێمن شانازی زۆری بەم جۆرە ژیانەوە کردوە[11].

ئەوەی زیاتر پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە دەسنیشانکردنی کاریگەری ناوچەییە لە زمانی هێمندا. هەرچەندە ئاستەکانی زمان بەشێوەیەك چرژاونەتە ناو یەکتری، کە جیاکردنەوە و لەکتردابڕینیان کارێکی ئەستەمە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەین کاریگەرییەکە لە هەموو ئاستەکانی زمان بخەینەڕوو، سەرەتاش لە ئاستی دەنگسازییەوە دەست پێدەکەین.

بەشی یەکەم:جیاوازییە دەنگییەکان

هەر زمانێك چەندیاسایەکی فۆنۆلۆجی تایبەت بەخۆی هەیە ((لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکان دەنگ هەیە دەگۆڕێ، هەیە دەتوێتەوە، هی تازە پەیدا دەبێ... هتد))[12]. یاساکانی فۆنۆلۆجی هەر زمانێك لە چۆنییەتی کارلێککردنی ئەم دەنگانە دەکۆڵێتەوە. لەم بەشەی باسەکەماندا باس لە چەند و چۆنی ئەم سوان و توانەوە و گۆڕانە دەنگیانە دەکەین، کە لە شێوەزاری موکریاندا بەدی دەکرێت و لە نوسینەکانی هێمندا ڕەنگی داوەتەوە و جیاوازی هەیە لەگەڵ شێوەی ستاندەری زمانی کوردی[13] :

١- **جێگۆڕکێی دەنگ**: هەندێ جار دەنگە گۆڕکێشی پێ دەوترێت، ((دەنگ لە ساتی قسەکردندا دەتوانێت شوێنی خۆی بگۆڕێت... هەندێك جار بەجێگۆڕکێی دەنگ دەوترێت هەڵگەڕانەوە))[14]. جێگۆڕکێی دەنگ کارناکاتە سەر واتا و لە زۆر نموونەی وەك (تەرزە – تەزرە، بەفر– بەرف)[15]دا دەبینرێت. ئەم دیادە دەنگییە لە دیوانی هێمندا لە چەندین شوێن بەرچاو دەکەوێت کە بە هۆی کاریگەری شێوە زاری ناوچەییەوە دروست بووە، وەك :

شێوەی ستاندەر	لای هێمن(موکریان)	لا
بڕوانە	بنواڕە	٢٩٤[16]

شێلو	شلوێ	٢٩٦
جوێن	جنێو	٣٠٦
(لەعنەت)لەحنەت	نەحلەت	٣٣٢
بکوشن	بوکشن	٣١٠

نمونەی شیعری:

لاگری سولحە تەواوی رەنجبەری وشیاری کورد
چاوەنۆڕی دەرفەتێکە خەڵکی لادێ و شاری کورد (ل٧٠)

لە وشەی (جاوەنۆڕ) دا شوێنی (ڕ، ن) گۆڕاوە، ئەمە هەرچەندە دیاردەی تری فۆنۆلۆجی تێدایە بەلاٌم لە شوێنی خۆی باسی دەکەین.

٢- **تێچونی دەنگ** : تێچونی دەنگ دیاردەیەکی تری فۆنۆلۆجییە، هەندێك جار سوانی دەنگی پێدەوترێت، کە ئەمە لە زمانەکانی تریش هەستی پێدەکرێت وەك (عەرەبی، ئینگلیری... هتد))[17]. بریتییە لە ((سوانی دەنگێك یان زیاتر لە مورفیمێکدا ئەمە مەبەست ئاسانکردنی دەربڕینە))[18]. تێچونی دەنگ لە سێ باردا خۆی دەبینێتەوە، کە هەرسێکیان لە نوسینەکانی (هێمندا) دەبینرێن :

أ- **تێچون (سوان)ی ڤاوڵ** : لە تێچوونی ڤاوڵدا دەگونجێت ئەو ڤاوڵەی تێدەچێت لە ناوەڕاستی وشەبێت یان لە کۆتایی. هەردوو جۆر لای هێمن هەستی پێدەکرێت. بۆ نموونە:

شێوەی ستاندەر	لای هێمن(موکریان)	لا
دەرگا	دەرك[19]	١٠
شێوە	شێو	١٨١
گوارە	گوار	١٧٠

ئەم وشانەی سەرەوە لە شێوەزاری مووکریاندا هەن و بە کاریگەری ئەم شێوەزارە خزاونەتە ناو نوسینەکانی هێمن. وەك ئەم شیعرەی خوارەوە.

دەستی دا دەستی برایی و هاتە ناو کۆڕی خەبات
کیژی نەشمیل و لەبارو شۆخ و گوێ بە گواری کورد (١٧٠)

ب- **تێچون (سوان)ی کونسنانت**: ((ئەم دیاردەیە لە هەموو شوێنێکی وشە ڕوو دەدات بەتایبەتی لە ناوەراست و کۆتایی وشەدا زۆر بڵاوە...، بەڵام کەوتنی بزوێن لە سەرەتای بڕگە و وشە زۆر کەم دەبینرێت))[٢٠]. هێمن لە نوسینەکانی خویدا ئەم وشە ناوچەیانەی بە کارهێناوە کە دیاردەی سوانی کۆنسنانت بەدی دەکرێت، بەواتایەکی تر هەندێك وشە، کە هێمن بەکاری هێناون، دیاردەی سوانی کونسنانتی تێدا بەدی دەکرێت کە بەهۆی ئەم دیاردەوە وشەکە جیاوازییەکی دروستکردوە[٢١] لەگەڵ وشەی بەرامبەر لە شێوەی ستاندەدا وەك :

شێوەی ستاندەر	لای هێمن (موکریان)	لا
تێکشکان	تێشکان	١٧٠
کاك خدر	کاخدر	١٩٤
سوژدە	سوژە	٢١٨
بەرپا	بەپا	٢٥٩
چواردە	چاردە	٢٧٥
بوومەلەرزە	بووەلەرزە	٢٩٣
پایتەخت	پاتەخت	٣٢٨

نموونە ی شیعری :

شەنگە بیزا بە سروەبا سوژەی دەبردە بەر بەژنت
ئاخر تۆش هەوای کوێستانی ئەو کوردستانەت هەڵدەمشت(٢١٨)

ج- **تێچوون (سوان) ی ڤاوڵ و کونسنانت** : هەندێك جار یەکێك لە بڕگەکانی وشەیەك، یان دەنگی پێشەوەی وشە یان دوو دەنگ لە گۆڕانەکەدا لەناو دەچن، ئەمەش پێی دەوترێت کرتاندن یان لەناوچوون [٢٢]. جا ئەو دەنگانەی لەناودەچن دەشێت هەردوکیان ڤاوڵ بن یان کونسنانت بن یاخود

ڤاوڵێك و کۆنسنانتێك بن. نمونەی لەم جۆرە لە نوسینەکانی هێمن بەدی دەکرێت کە وشەکان سەربە شێوەزاری موکریانن، وەك :

شێوەی ستاندەر	لای هێمن (موکریان)	لا
جێگا	جی[٢٣٧]	٢٠٩
بەهەنجنە	بنجنە	١١٩
ئەشکەنجە	شکنجە	١٧١
بەئاسانی	بەسانی	٣١٢

٣- **هاتنە ناوەوە(پەیدا بوون، زیادبوون) ی دەنگ** : دیاردەی زیادبوونی دەنگێك لە ناو زنجیرەی دەنگدا لە زمانی کوردیدا هەستی پێدەکرێت، زۆر جار زیادبوونی دەنگ ((لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەندێ دەنگ، کە ناتوانرێ لەگەڵ یەکدا بێن، ڕوودەدات))[٢٤] ئەو وشانەی کە ئەم دیاردە دەنگییەیان تێدا بەرجەستە دەبێت لە نوسینەکانی هێمندا، بریتین لەو وشانەی کە زیاتر سروشتی ناوچەییان هەیە، بە بەراورد لەگەڵ ستاندەردا فۆرمی جیاوازیان بەخشیوە،هاتنە ناوەوەی دەنگ لەم بارانەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێت :

أ- **زیادبوونی ڤاوڵ** : زیاد بوونی ڤاوڵ لە کوردیدا زۆر بەکەمی هەستی پێدەکرێت، بەڵام بوونیشی هەیە، وەك ئەم نموونانە لای هێمن :

شێوەی ناوەڕاست	لای هێمن (موکریان)	لا
یان	یانە	١٤٩
کەزی	کەزیە	١٦٩

نموونەی شیعری:

ئەسیری کەزیەتە کۆتری دڵی من
دەبێ حاڵی چ بێ کۆتر لەتۆڕا (١٦٩)

لەم نموونانەی سەرەوە دا ئەو ڤاوڵەی زیاد بووە یان هاتۆتە ناوەوە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەکان دان ئەویش لەبەرئەوەی لەزمانی کوردیدا ڤاوڵ سەرەتای وشە ناگرێت.

ب- زیادبوونی کۆنسنانت : ئەم دیاردەیە لە نوسینەکانی هێمندا کەمتر بەرچاو دەکەوێت وەك :

شێوەی ستاندەر	لای هێمن (موکریان)	لا
وەرەم	وەرهەم	٢٤٦

نموونەی شیعری:

ئاوڕی، ئاوری لە دڵ بەردابوو
نازی، وەرهەمی پێ هەڵێنابوو(٢٤٦)

٤- گۆڕانی دەنگ (دەنگە گۆڕکێ) : ئەم دیاردەیە بریتییە لەوەی کە ((دەنگێکی وشەیەك لە قسەی هەندێ کەسدا دەگۆڕێ بە دەنگێکی تر لە قسەی خەڵکی تردا بەواتایەکی تر هەمان وشە لە دوو فۆرم یان زیاتردا دەبینرێت))[٢٥]. ئەمەش لە دوو شێوەدا خۆی دەبینێتەوە وەك:

أ- گۆڕانی ڤاوڵ بە ڤاوڵ : ئەم نموونانە لە نوسینەکانی هێمندا دەبینرێن :

شێوەی ستاندەر	لای هێمن (موکریان)	لا
جەژن	جێژن	١٣٧
یوسف	یۆسف	١٤٥
وەستاوە	وێستاوە	١٥١
لەناو	لەنێو	٢١٢
شیرین	شیرن	١٧٣
تەلار	تالار	٢٢٨
شەلەگە	شێلەگە	٢٣٥
بژێو	بژیو	٢٣٥
بەرخەبابە	بەرخەبەبە	٢٤٦
بێن	بین	٢٧٦
مەریخ	مێریخ	٣٤٥
پڵنگ	پڵەنگ	١٤٤
بڵند	بڵیند	٣٣١

وشك	ویشك	١٨٣
خشیبێ	خوشیبێ	٢٣٤
کنێر	کەنێر	٢٥٥
بت	بوت	٢٥٧
نزیك	نێزیك	٢٨١

شایانی تێبینی کردنە لەم خشتەیەی سەرەوە لە حەوت وشەی کوتایی دا هەموو ئەو ڤاولانەی گۆڕاون بزرۆکە بوون و گۆڕاون بە ڤاوڵی تر.

نمونەی شیعری:

بۆ کەسێکە مەی چزیلکی پێوەنێ
بۆچی ملهوڕ لێرە بینی پێوەنێ[٢٧٦]

ب-گۆڕانی کۆنسنانت بە کۆنسنانت : هەندێك جار دەنگ بۆ ئەوەی خۆی بگونجێنیت لەناو زنجیرەی دەنگدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەنگەکانی تر، یان وا دەبێت یەکێك لەسیماکانی دەگۆڕێت، کە پێی دەوترێت ((گونجانی ناتەواو... کە ئاکارێك لە دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگە کارتێکردووەکە دا جۆرە گونجانێگ دروست بکات))[٢٦] ، وەك : ژێداربوون یان بێ ژێ بوونی دەنگ بۆنموونە (پشدەر – پژدەر). یاخود دەنگەکە بەتەواوی دەگۆڕێت و پێی دەوترێت گونجانی تەواو کە ((بریتییە لە گۆڕانی دەنگێکی زمانی بۆ ئەوەی بە تەواوی لە دەنگێکی تری دراوسێی خۆی بچێت))[٢٧] وەك : (گۆڤەند – گۆوەند). گۆڕانی کۆنسنانت بەکۆنسنانت لە دیوانی هێمندا هەستی پێدەکرێت و بەزۆریش بەهۆی کاریگەری شێوە زاری موکریانەوەیە، وەك ئەمانەی خوارەوە :

شێوەی ستاندەر	لای هێمن(موکریان)	لاپەڕە
مەگرخێنە	مەگنخێنە	١١٥
ئومێد	هومێد	١٢٦
گۆڤەند	گۆوەند	١٣٧

ئاگر	ئاور	١٥٨
عەسکەر	ئەسکەر	١٩٠
خڕێنە	خلێنە	١٩٤
ئالأند	هالأند	٢٤٨
بڕشت	بڕست	٣٣٦
پەشیمان	پەژیوان	٣٣٧
خوورە	غوورە	٢٦٥
گوتم	کوتم	٢٢٣*

نموونەی شیعری:

من بڕستم لێ بڕا یا کیژی شار
زۆر لە کیژی دەشتەکی بەیدەست ترە(٣٣٦)

٥- **یەکگرتنی دوو دەنگ و گۆڕانیان بە دەنگێکی تر**(لێکدانی دەنگ) : وادەبێت دوو دەنگ یەکدەگرن و دەنگێکی تازە پەیدا دەبێت[٢٨]. وەك :

شێوەی ستاندەر	لای هێمن(موکریان)	لاپەڕە
دەروەست	دەرۆست	١٤٨
جوتیار	جوتێر	١٧٥
گەرمیان	گەرمێن	٢٠٠
ژەهر	ژار	٢٧٧

ئەم نموونانەی سەرەوە،لە هەموو وشەکاندا نیمچە ڤاوڵێك و ڤاوڵێك یەکیان گرتوە و بوون بە دەنگێکی (ڤاوڵ)، تەنیا دوو وشەی کۆتایی نەبێت. لە (ژەهر)دا سێ دەنگ (ڤاوڵێك و کۆنسنانتێك و بزرۆکە) یەکیان گرتوە و ڤاوڵێکیان دروست کردوە (ە، ھ، بزرۆکە) ← (ا) .

هەندێك وشە لە شیعر و پەخشانەکانی هێمندا بەرچاو دەکەون, کە بەکاریگەری زمانی بێگانە هاتونەتە ناوەوە، ئەم وشانە جیاوازییەکی دەنگیان دروستکردوە لەگەڵ زاری ناوەڕاستدا و

وشەکانیش زیاتر تایبەتن بە شێوەی ناوچەی موکریان وەك:(شێرکەت – شەریکە یان کۆمپانیا)،(تاجی، ئەسکەر، نەحلەت، جیب، ئالقە، تالار، مێریخ)

بەشی دووەم :جیاوازییە وشەسازیی و لێکسیکییەکان

هەندێك لە جیاوازییەکان لە نێوان شێوەی ستاندەر و شێوەزاری موکریاندا دەچنە خانەی (وشەسازی) یەوە، وەك یاساکانی وشەڕۆنان . هەروەها هەندێك لە جیاوازییەکان لە ئاستی بەشەکانی ئاخاوتن دایە لەڕووی فۆرمی وشەکانەوە، یان چەندێتی و چۆنییەتی مامەڵەی ئەو مۆرفیمانەی دەچنە سەر بەشەئاخاوتنەکان . هەندێك لە جیاوازییەکانیش لێکسیکین .

دیارە شێوە زاری موکریان سەربە زاری کوردی ناوەڕاستە لەگەڵ ئەمەش دا هەندێك جیاوازی لەئاستی وشەسازی ئەم شێوە ئاخاوتنە لەگەڵ زاری ستاندەرد هەستی پێدەکرێت، جا ئێمە هەوڵ دەدەین ئەم جیاوازیانە دەست نیشان بکەین و لێیان بکۆڵینەوە بەڵام تەنیا لەوشوێنانەی کە لەناو نوسینەکانی هێمندا رەنگی داوەتەوە، چونکە مەبەستی ئێمە دەستنیشانکردنی کاریگەرییە ناوچەییەکانە لە زمانی هێمنی شاعیردا، ئەگەرنا رەنگە جیاوازییەکان زۆر لەمە زیاتر بن بەڵام ئێمە خۆمانیان لێ دەبوێرین.

یەکەم : وشەڕۆنان : وشەڕۆنان بەگشتی کار لەسەر وشە دەکات و ((لە چۆنییەتی پێکهاتن و یاسای دروست بوونی وشەکانی... زمان دەکۆڵێتەوە))[٢٩]. لە نوسینەکانی هێمندا هەندێك وشە دەبینرێن کە یاسای دروستبوون و کەرستەی دروستبوونیان جیاوازە بەبەراورد لەگەڵ شێوەی ستاندەدا، ئەویش بە چەند شێوەیەك:

هەندێك چاوگی نسادە لە هەردوو شێوەکەدا بەرامبەر یەك دەوەستن و هەمان واتایان هەیە، بەڵام یاسای دروستبوون و کەرەستەپێکهێنەرەکانیان جیاوازە، وەك :

لە گوێن ژاندارك هەستە وەك مەردان
دووژمن وەدەرنێ لەخاکی کوردان[٩٧]

کردنەدەرەوە، وەدەرنان : ئەم دوو چاوگە هەمان واتا دەبەخشن، چاوگی یەکەم لە شێوەی ستاندەر و چاوگی دووەم لە شێوەزاری موکریاندا بەکاردێت، کە یاسای پێکهێنانیان جیاوازە:

کردن + ە +دەرەوە = کردنەدەرەوە (ستاندەرد)

چاوگی سادە + ناوبەند + ئاوەڵکاری داڕێژراو

وه[۳۰] + دەر + نان = وەدەرنان (موكريان)

پێشگر + ئاوەڵكاری سادە[۳۱] + چاوگی سادە

سەرنجدان، سەرنج بڕین: ئەم دوو چاوگەش هەمان واتای یەكتر دەگەیەنن، چاوگی یەكەم لەشێوەی ستاندەردا بەكاردێت، بەڵام چاوگی دووەم لای هێمن بەهەمان واتا بەكارهاتوە. هەردوو چاوگەكە لێكدراون و(سەرنج) بووە بە بەشی یەكەمی چاوگەكان، بەڵام بناغەی چاوگی یەكەم چاوگی سادەی(دان) ە، بناغەی چاوگی دووەم (بڕین) ە .

نموونەی شیعری:

> سەرنجم گەر دەبڕمە بەژن وباڵات
> كچی جوان بۆچی روگرژی چ قەیدی(۲۳۸)

دووەم بەشەكانی ئاخاوتن :

١- **ناو** : لەو مۆرفیمانەی دەچنە سەر ناو ئێمە تەنیا باس لە مۆرفیمی (رەگەز و كۆكردنەوە) دەكەین. چونكە زیاتر لەم دوو بارەدا هەست بە جیاوازی دەكەین، كە لە نوسینەكانی هێمن رەنگی دابێتەوە. هەروەها تاوەكو ناو نەچێتە بواری بەكەرهێنانەوە لەناوڕستەدا، نیشانەی رەگەز دەرناكەوێت، بۆیە لەبەشی سێیەمدا لە جیاوازییە رستەسازییەكاندا باسی رەگەز دەكەین.

- **مۆرفیمی كۆكردنەوە**: مۆرفیمی كۆكردنەوە لە شێوەزاری موكریاندا هەروەكو شێوەی ستاندەر بریتییە لە (ان)، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لە هەندێك شوێندا دەردەكەوێت كە پێویست نییە، یان لە شێوەی ستاندەردا دەر ناكەوێت، یان جێناوی كۆ لەگەڵ ناوی تاكدا بەكاردێت .

نموونە لای هێمن :

> لەجاوان هەڵوەرین فرمێسك گوڕ–گوڕ
> كەدێ و دەڕوا بەدەستە چرگ و كوڕ–كوڕ(۱۹۳)

لەمەی سەرەوە (فرمێسك) لەڕووی فۆرمەوە تاكە بەلام كۆكراوەتەوە و (ن)ی جێناوی لكاوی كۆی چۆتە سەر (هەڵوەرین) كە ئەمە لە شێوەی ستاندەر پێویست نییە، دەبێتە (لەچاوان هەڵوەری فرمێسك) هەندێ جار چاویش كۆ ناكریتەوە، دەبێتە (لە چاو هەڵوەری فرمێسك).
هەروەها لە نموونەیەكی تردا دەڵێت :

حەیف ئەی نابیغەی راوی موكریان
كە باڵندە لەترسانت دەگریان(١٩٧)

لێرەشدا (باڵندە) ناوێكی تاكەو جێناوی لكاوی كۆ (ن) ی بۆ بەكارهاتووە . هەروەها وشەی لە (ترسانت) مۆرفیمی كۆی وەرگرتوە كە ئەمە جیاوازە بەبەراورد لەگەڵ شێوەی ستاندەردا بەڵكو لە ستاندەر دەبێتە (باڵندە لە ترست دەگریا).

٢ – جێناو :

أ- **جێناوی كەسی** : ئەوەی لەبارەی جێناوەوە تێبینی دەكرێت ئەوەیە كە فۆرمی جێناوەكان لە شێوەزاری موكریان جیاوازە لەگەڵ فۆرمی جێناوەكانی شێوەی ستاندەر. ((لە زمانی كوردیدا سێتێك راناوی جودا ... هەیە))[٣٢]. وەك:(من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) بەلام دەستە سەربەخۆكە لە شێوەزاری موكریاندا جیاوازە لەگەڵ ستانداركە، جێناوەكان لەوێدا دوو فۆرمی سەرەكیان هەیە ((یەكێكیان بە (ئە) دەست پێدەكات و ئەوی تریان بەبێ(ئە)))[٣٣]. كەواتە دەتوانین بڵێین دوو دەستە جیناو لە شێوەزاری موكریاندا بەدی دەكرێت. بەم شێوەیەی خوارەوە :

دەستەی (ئەمن، ئەتۆ، ئەو، ئەمە، ئەوە،ئەوان)، ئەم دەستەیە كاتێك دەردەكەوێت كە ئەركی بكەر یان بەركار وەربگرن لە ڕستەدا وەك : (ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە...)، دەستەی (من،تۆ،وی،مە،وە،وان) ئەم دەستەیە لە ئەركی تەواوكەری بەیاریدە و خاوەنییەتی و دیارخەریدا بەكاردێن [٣٤]. وەك : وەگیانی من كەوێ دەردو بەلای تۆ). سەبارەت بەجێناو هێمن هەردوو دەستەكەی بەكارهێناوە لە نوسینەكانی دا، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ جار پەیڕەوی

شێوەی ستاندەری کردووە. بەڵام ئەوەی لای ئێمە گرینگە بەکارهێنانی هەردوو دەستەکەی شێوەزاری موکریانە.نموونە بۆ دەستەی (ئەمن، ئەتۆ،...) :

ئەمن دەمگوت لە دنیا تا بمێنم لەبەر کەس ئەستەمە سەردانەوێنم(١٧٧)

نمونە بۆ دەستەی (من،تۆ،...) :

لەمن ڕا خۆ خەتایەك ڕوی نەداوە ئەدی بێمەیلی بۆ ڕویدا لەتۆ ڕا (١٦٩)

ب- **جێناوی (خۆیی)** : ئەم جێناوە لە شێوەی ستاندەری کوردیدا ((لەگەڵ جێناوی لکاوی کەسیدا لێکدەدات، جا بەکاردێت... خۆم، خۆت، خۆی))[٣٥]. هەروەها ئەگەر هاتوو ((زیاتر لە ناوێ پەیوەندییان لەبنجدا لەسەر بناغەی هەیی دا بێت و هەر یەکە کەوتبێتە فریێزێکەوە... ناوە دووبارەکراوەکان بە جێناوی (خۆ+راناوی لکاو) جێگیر دەکرێ))[٣٦]. بەڵام ئەم دیاردەیە لە شێوەزاری موکریان جیاوازە، بەڵکو جێناوی (خۆ) بەتەنیا وبەبێ جێناوی لکاو دەردەکەوێت. ئەم بارە لەزۆر شوێنی نوسینەکانی هێمندا بەدی دەکرێت، کەواتە هێمن لەم ڕووەوە کەوتۆتە ژێرکاریگەری ئەو تایبەتیەی موکریان، وەك:

مەڕ لە گۆشتا بوە سور خۆ هەڵداوێن شەك و کوور(١٥٥)

ت- **جێناوی هەیی**: لە شێوەی ستاندەری زمانی کوردیدا، دۆخی هەیی دەردەبڕدرێت بە ((بەکارهێنانی جێناوی (هی) لەگەڵ ناو یان جێناوی کەسی جوێدا وەك : هی ئافتاو، هی من))[٣٧]، بەڵام ئەم فۆرمی (هی) یە لە شێوە ناوچەییەکاندا فۆرمی تری هەیە لەبەکارهێنانداً، بونموونە لە شێوە زاری موکریاندا (ئی) بەکاردێت و ئەمەش لە نوسینەکانی هێمندا بوونی هەیە وەك : ((من هێندە بەهۆش و گۆش نیم هەر شیعرێکی لێم بپرسنەوە بزانم ئی کێیە.... ئی ئەو شاعیرە بەرز و ناسك خەیاڵ و نەمرە نییە...))(٧٢*)

٣- **ئامراز** : لێرەشدا ئێمە باس لە هەموو ئامرازەکان ناکەین، بەڵکو تەنیا لەوانە دەدوێین، کە هێمن بەکاری هێناون و جیاوازن لەگەڵ شێوەی ستاندەردا.وەك:

١- **کەنگێ** : لەشێوەی ستاندەری کوردی لە جیاتی ئەم ئامرازە (کەی) بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجی ژوورو (کەنگێ و کەنگی) ی بۆ بەکاردێت))[٣٨]. لەبەرئەوەی نزیکییەك لەنێوان شێوەی موکریان و زاری ژووروی زمانی کوردی هەستی پێدەکرێت، دەشێت فۆرمی (کەنگێ) لەم رێگایەوە پەڕیبێتەوە بۆ شێوەی موکریان. جگە لەمە چەند لێکچونێکی تر بەدی دەکرێت لە نێوان شێوەی موکریان و زاری ژووروو کە لە نوسینەکانی هێمندا ڕەنگی داوەتەوە (لەشوێنی خۆیدا ئاماژەی پێ دەدەین). هەروەها فۆرمی (کەنگێ) لەشێوەزاری خۆشناوەتی بەکاردەهێنرێت و دیسان نزیکییەك لە نێوان شێوەزاری خۆشناوەتی و موکریاندا هەستی پێدەکرێت. نموونەی (کەنگێ) لای هێمن :

کاکە گیان لاوی کوردی شۆخ و شەنگ تا کەنگێ دەبی وا بێ هەست و دەنگ(٩٦)

٢- **چلۆن** : ئامرازێکی پرسە، لە شێوەی ستاندەردا بۆ پرسیارکردن لەشت لەبری (چلۆن) فۆرمی (چۆن) بەکاردێت و سەرەکییە، بەڵام ((لە فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی کۆن و زمانی ئاخاوتنی ئەمڕۆی ناوچەی موکریان و سۆراندا (چلۆن) فۆرمی سەرەکییە))[٣٩]. بەم پێیە لەڕێگەی شێوەزاری ناوچەییەوە (هێمن) فۆرمی (چلۆن) ی لە بەرهەمەکانیدا بەکاری هێناوە. وەك:

چلۆن تێك چوبوو لێمان رایەڵ و چۆ جلیتباز کەنگێ دیوێرا بڵێ هەو(١١٥)

٣- **چ** : ئەم ئامرازە لە شێوەی ستاندەری کوردیدا زۆر جار بۆ ((پرسینی بەرکار لە غەیری ئینساندا بەکار دەبردرێ، وەك: چ دەنوسی))[٤٠]، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە هێمن ئەم فۆرمەی لەبری (چەند) بەکارهێناوە، کە ئەمەش ئامرازێکە بۆ پرسیار لە چەندییەتی بەکاردێت. تەنانەت لە چەندین شوێنی دیوانەکەی دا بە هەمان واتا دووبارە بۆتەو. وەك:

چ خۆشه كاڕ و كوڕی مەڕ، چ خۆشه پڕمەكەی كەحلان
چ خۆشه فیته فیتی شوان، چ خۆشه ئۆحەكەی گاوان[١٠٧]

٤- **چوون** : هێمن له نوسینەكانی خۆی دا ئەم ئامرازەی لەبری (چونكە) بەكارهێناوه. له زمانی ستاندەری كوردیدا دوو فۆرمی سەرەكی هەیه كه بریتین له (چونكە، چونكی)[٤١]، كه یەكێكه له ئامرازه لێكدەرەكان. فۆرمی (چون) له شێوەی موكریاندا زۆر بەكاردێت و هێمن له نوسینەكانی خۆیدا بەكاری هێناوه. وەك:

نەتكرد سوراو و سپیاو چون دووری
له شاری كەچی هەر سپی و سوری[١١١]

٥- **لەگوین** : هێمنی شاعر ئەم فۆرمەی لەبری (وەك، وەكو،لەشێوەی) بەكارهێناوه كه ((یەكێكه لەو ئامرازانەی كه دوو ڕستەی ساده بەیەكەوه دەبەستێتەوه....سەرەڕای ئەمەش دەتوانرێ بەكار بهێنرێت وەك ئامرازی وەك یەك، ئەمەش له ڕەوانبێژی كوردیدا زۆرباش بەكاردەهێنرێت))[٤٢]. بەكارهێنانی فۆرمی (لەگوێن) لەلایەن هێمنەوه بەكاریگەری شێوەزاری ناوچەیی بووه. وەك ئەم نموونەیه :

لەگوێن بەهەشت خەملیوه
كێ مەڵبەندی وای دیوه[١٥٣]

٦- **بڵا**: ئەم ئامرازه له زاری ژووروودا له بەرامبەر (با) ی شێوەی ناوەڕاست بەكاردێت، هێمن له شیعرەكانی خۆیدا له دوو شوێن بەكاری هێناوه بەڵام ئەوەی هێمن به (ڵ) ی قەڵەو نوسراوه. ئەمەش دەچێته چوارچێوەی كاریگەری ناوچەیی لەسەر هێمن، بەڵام نەك شێوەی موكریان بەڵكوو زاری ژووروو.

نموونه:

تا نەڕوخاوە بڵا پڕبیٚ لە خۆشی و مەستی
تازە پێی ناویٚ ئەمن هۆدەیی خۆم مەکەم کەم(٢٠٩)
* * *
بڵا پاژنەی لە زیٚڕبیٚ کەوشی جوانیٚ
کە دانرابیٚ لە دەرکی دەرکەوانیٚ (٣١٠)

٤- **ئاوەڵکار**: یەکێکی تر لە کاریگەرییە ناوچەییەکان لەسەر هێمن لە ئاوەڵکاردا بەرجەستە دەبێت، بەواتای ئەوەی هێمن لە نوسینەکانیدا هەندێك فۆرمی ئاوەڵکاری بەکارهێناوە زیاتر ناوچەیین بەبەراورد لەگەڵ زمانی ستاندەردا، وەك :

أ- **بەدوومەوە (بەدوامەوە)**: ئەم فۆرمە لەجیاتی وشەی (بەدوامەوە یان لە پشتمەوە یان لە پاشمەوە) بەکارهاتووە. وشەی وەك سەر، پاش، لا....هتد کاتێك دەبن بە ئاوەڵکاری شوێن جێگەی ڕودانی کارەکە نیشان دەدەن[٤٣]. ئەم فۆرمە زۆرجار لە خۆشناوەتیش بەکاردێت وەك: (لەدووم دەهات). هەروەها لەشێوەزاری موکریانیش بەکارهێنانی بەربڵاوی هەیە وەك: (مشکیش وەدوی کەوت)[٤٤]. نموونە لە شیعری هێمندا :

نەکەس لە پێشمدا دەڕوا
نەکەس دیارە بەدوومەوە(٢٩١)

ب- **کن (لا)** : ئەوەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد لەبارەی ئاوەڵکارەوە، بەهەمان شێوە لێرەش پراکتیزە دەبێت. (کن) ئاوەڵکاری شوێنە و لە بەکارهێنانە ناوچەییەکاندا بەدی دەکرێت، وەك (هەولێر، خۆشناوەتی، موکریان)، فۆرمی بەرامبەر لە شێوەی ستاندەر بریتییە لە (لا).نموونە:

سوێندت بۆ دەخۆم هەتا بمێنم
ئەو ڕازە لەکن کەس نەدرکێنم(١٠٣)

د- **شەویٚ دی (دوێنیٚ شەو)** : ئەم دوو فۆرمە هەردووکیان ئاوەڵکاری لێکدراون و هەمان واتا دەبەخشن، لەشێوەی ستاندەردا (دوێنیٚ شەو) بەکاردێت و لە (ئاوەڵکار+ناو) دروست بووە.

بەڵام (شەوێ دی)، کە لای هێمن بەکارهاتووە، لە (ئاوەڵکاری داڕێژراو + ئاوەڵناوی نادیار) پێکهاتووە، وەك ئەم دێرە شیعرەی خوارەوە :

لەکاتی نیوەشەو دابوو شەوێ دی
ژنێکی پیر و ڕەشپۆشم لەخەو دی(١٢٤)

٥- **کار** : یەکێکە لەو بەشە ئاخاوتنانەی زمان، کە چەندین مۆرفیمی ڕێزمانی پێوە دەلکێت، ئەو مۆرفیمانەش ((کەرسەی ڕێزمانی نامۆ و پەراوێزی نین، بەڵکو کەرەسەی سەرەکی و گرنگن))[٤٥]. لەم بارەیەوە ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە ئەو مۆرفیمانەن کە بەکارەوە دەلکێن و جیاوازییان دروست کردووە لە نێوان شێوەی ستاندەر و بەکارهێنانەکانی هێمن(موکریان)دا، ئەمەش زیاتر خۆی لە مۆرفیمی (کات) و (ەوە) دا دەبینێتەوە . جا بەهۆی ئەوەی مۆرفیمی کاتیش لە ناو ڕستەدا دەردەکەوێت بۆیە لە بەشی جیاوازییە ڕستەسازییەکاندا باسی دەکەین . کەواتە ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ بیخەینە بەر باس بریتییە لە:

- **پاشگری(ەوە)**: لەشێوەی ستاندەردا دەتوانێت چەمکی دوپاتی بدات و وەکو مۆفیمێکی بەندی ڕێزمانی مامەڵە بکات. هەروەها دەتوانێت واتای نوێ دروست بکات و ببێتە مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ. لە هەردوو بارەکەدا دەچێتە دواوەی کار و دەبێتە پاشگر. بەڵام لەشێوەزاری موکریانی دا بەزۆری دەبێتە (وە) و وەکو زاری ژوورو بەزۆری دەبێتە پێشگر و دەچێتە پێش کار، لەکاری لێکدراویشدا دەچێتە پێش بەشی یەکەمی کار، وەك ئەم نموونەیە:

کە پێویستە لەدەوری کۆوەبی کۆ
لەسایەی حیزبی دیموکراتی خۆمان(١١٥)

کۆبوونەوە، کۆوەبوون :

(کۆبوونەوە = ئەوان کۆبوونەوە) لەشێوەی ستاندەر دا بەکاردێت و یاساکەی بەم شێوەیەیە :

بەشی یەکەمی کار+ڕەگ + م.کات+جێناوی لکاو+پاشگری (ەوە) = کۆ+ب+وو+ن+ەوە = کۆبوونەوە

(کۆوەبوون=ئەوان کۆبوونەوە) لەشێوەی موکریاندا بەکاردێت و یاساکەی بەم جۆرەیە :

بەشی یەکەمی کار+وە+رەگ+م.کات = کۆ+وە+ب+وو+ن = کۆوەبوون

هەروەها لای هێمن (وەکۆ بوون) یش بەکارهاتووە، کە لێرەدا (وە) هەنگاوێکی تریش هاتۆتە پێشەوە و چووەتە پێش بەشی یەکەمی کار.

کچی میران دەبێ لیران وەخۆخەن کچی گاوان دەبێ پوشکان وەکۆکەن(٣٢٥)

لە دێرە شیعرێکی تردا هێمن کاری (وەشۆرم) ی لەبری (بشۆمەوە) بەکارهێناوە، کارەکە رانەبردووی دانانییە، کە لەم رێژەیەدا (دە) ی رانەبردوو دەکرێت بە (ب)، چاوگەکەش لە زمانی ستادەردا(شوشتنەوە) یە. بەم پێیە کارەکە لە شێوەی ستاندەردا دەبێتە (بشۆمەوە) کەیاساکەی بەم جۆرەیە:

(م.دانانی+رەگ+جیناویلکاو+پاشگر) بەپێی ئەم یاسایەش کارەکە بەم جۆرە شیدەکرێتەوە: (ب+شۆ+م+ەوە). لە شێوەزاری موکریاندا چاوگەکە (شۆردنەوە) و بەهۆی جووڵەی (ەوە/وە)شەوە (ب)ی دانانی سواوە و یاساکەشی بەجۆرێکی ترە و کارەکە بەم جۆرە شیدەکرێتەوە (وە+Ø+شۆر+م) و یاساکەی دەبێتە (پێشگر+م.دانانی+ڕەگ+جێناو)، وەك لەم دێرە شیعرەدا دیارە:

وەکارخەم دەسەڵات و هێزی زۆرم بەخوێنێ ئەو پەڵە و نەنگە <u>وەشۆرم</u> ٣١٨

جیاوازییە لێکسیکییەکان :

ئەگەر سەرنجی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی بدەین، هەست بەجیاوازی دەکەین لەڕووی فەرهەنگ و لێکسیکەوە، ئەم جیاوازییەش لەنێوان دوو زاری زمانێك زۆرترە لەوەی لەنێوان دوو شێوەزاری زارێك،ئەمەش ئاساییە و هۆکاری خۆی هەیە. جیاوازییەکەش ((لەوەدا دەردەکەوێ کە زارەکان وشەی جیاجیا بەکاردەهێنن بۆ لێدوان لە دیاردەیەکی فیزیکی و کۆمەڵایەتی دەوروپشتیان))[٤٦]. ئەو جیاوازییەی زیاتر تەوەری باسەکەی ئێمەیە، ئەوانەن کە لەنێوان شێوە زارێکی زارێك دا بەدی دەکرێت لەگەڵ ئەو زارەی کە بۆی دەگەرێتەوە. بەو واتایەی ئەوجیاوازیانە دەست نیشان دەکەین کە لەشێوەزاری موکریاندا بەدی دەکرێن و لە نوسینەکانی هێمندا ڕەنگیان داوەتەوە،

لەگەڵ زاری ناوەڕاستی کوردی، کە ئێستا دەیەوێت وەك زمانی ستاندەر خۆی بناسێنێت. ((زمان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەکۆمەڵەوە هەیە، پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵ و ئاستی شارستانی، زمانیش دەگۆڕێ))[٤٧]، فەلسەفەی بەڕێوەبردنی وڵات و پەروەردە و خوێندنیش کاریگەری ڕاستەوخویان هەیە لەسەر پێشکەوتن و ئاستی شارستانی، جا لەبەر ئەوەی شێوەی ئاخاوتنی موکریانیش زۆربەی ناوچەکانیان دەکەوێتە وڵاتی ئێرانەوە بۆیە جیاوازییەکان زیاتر دەبن. چونکە ئەگەر کۆمەڵە خەڵکێك بەزمانێك قسە بکەن زمانەکەیان پاشماوەیەك بەگشتی گۆڕانی بەسەر دادێت بەڵام ((ئەگەرهات و ئەم کۆمەڵە خەڵکە لەیەك دابڕان بوون بەچەند بەشێ چ لە ئەنجامی کۆچکردن یان پەیدابوونی سنورێکی سروشتی یان دەستکرد... هەریەکە بەپێی ئەو بیئە تازەیەی کەوتۆتە ناوی. پاش ماوەیەك دەبن بە شێوەیێ))[٤٨]. بەهەمان شێوە سنورێکی دەستکرد شێوەزاری موکریانی لەڕووی جوگرافییەوە لە قسەپێکەرانی تری زاری ناوەڕاست دابڕیوە و ئەم شێوە ئاخاوتنە کەوتۆتە ژینگەیەکی زمانی تارادەیەك جیاوازەوە. بۆیە جیاوازیەکان زیاتر بوونە، بەڵام ئێمە لێرەدا هەموو ئەوجیاوازیە لێکسیکیانە باس ناکەین کە لە نێوان شێوەی ستاندەر و شێوەزاری موکریاندا هەیە، بەڵکو تەنیا ئەوانە دەخەینەڕوو کە لە نوسینەکانی هێمندا ڕەنگی داوەتەوە و کاریگەری لەسەر هێمندا جێهێشتوە. وشە جیاوازەکانیش لە شێوەی گروپدا دابەش دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- هەندێ وشە هەن لە زمانی ستندەری کوردیدا چەند فۆرمێکیان هەیە، یەکێك لەو فۆرمانە لە شێوەی ئاخاوتنی موکریان هەیەو هێمنیش لە شیعرەکانی خۆیدا بەکاری هێناوە، سەرنجی ئەم خشتەیە بدە:

شێوەی ستاندەر	لای هێمن (موکریان)	لا
مژدە، مزگێنی	مزگێنی	١٢٦
گەردن، قوڕگ، هەوك،گەرو	ئەوك	١٤٣
کچ، کیژ	کیژ	١٨٠
پۆڕ، چرگ	چرگ	١٩٣
نزار،بەڕۆژ،بەربەرۆچکە	بەربەرۆچکە	١٩٨
نزم،نوی، نەوی، کز	نەوی	١٦٦
داخستن، گاڵەدان	گاڵەدان	٢٩١
داب و نەریت،نەریت،ڕێورەسم	ڕەسم	٤٦*
لوت،کەپو،تفنك	تفنك	١٥٢*
زیاتر،زۆرتر،پتر	پتر	٢٢٣*

لەبەرئەوەی،چونكە،چونكو	چونكو	٢٢٣*
پەنجە،ئەنگوست،قامك	قامك	٢٩٢*
كامە،كام،كیهە	كیهە	٢٩٨*
گەورە،زل،	زل	١٧٢
زیندان،بەندیخانە،حەپس	حەپس	٩٧
نێوچاوان،تەوێل،هەنیە	هەنیە	٢٠٦

٢- هەندێك وشە بەهۆی كاریگەری زمانی بێگانە هاتونەتە ناوەوە و لە هەر لایەكدا فۆرمی جیاوازیان هەیە وەك:

شێوەی ستاندەر	لای هێمن (موكریان)	لا
قوتابی	دانیشكدە	١٧٢
كۆلان	كوچە	١٧٣
جێبەجێكردن	ئیجرا	١٨١
شەقام،جادە	خەیابان	١٠٠*
ئیفلیج	ئیپلیگ	٢٨٢*
پۆل	كلاس	٣٠
چاودێر،مراقب	مبسر	٣١
سوپا،عەسكەر	ئەرتەش	٤٩*

٣- هەندێك وشە لە شێوەی ستاندەر فۆرمێكی سادەیان هەیە و لای هێمن (موكریان) فۆرمی سادە لە بەرامبەریان هەیە و بۆ هەمان مەبەست بەكاردێن :

زمانی ستاندەر	لای هێمن(موكری)	لا
ئارام،ئۆقرە	هەدا	١٥
(ڕك) هەورازی ڕك	ڕژد	٢٢
چپە	سرتە	٢٤

(ژور)ژوری دانیشتن	وەتاغ	٣٣١
حەز	واز	٤١
مرخ	قرم	٧٧
قونێر	کوان	٣٥
دیاری	سەوقاتی	٣١٠
وەنەوز	وێژینگ	١٧١

٤- هەندێك وشە لەشێوەی ستاندەردا لەڕوی پێکهاتنەوە ناسادە و لای هێمن (موکریان)، بە هەمان شێوە فۆرمی ناسادە ، بەلأم جیاواز، بۆ هەمان مەبەست بەکار دێت، وەك:

زمانی ستاندەرد	لای (هێمن) موکری	لا
برامپیل	بەرهەڵبێن	٢٩٧
گرانەتا	کەوتوویی	٦٥
راکردن، هەلأتن، فیرارکردن	قەل فر	٦٧*
کت وکۆر (جۆرجە کوێر)	کوێرەموش	٣١
تەشریفات	کەشم ونەشم	٢٠٦
دڵبەر	گراو	٤٢
نێرکە شوانکە	ئالەکۆك	٧٤
بژێوی	جیرەنان	٣٤
بۆگە	بۆژۆ	٤٣
پۆشتە	تەڕپۆش	٣٠٧

٦- هەندێك وشە لە شێوەی ستاندەر لەڕووی پێکهاتنەوە سادەن، بەلأم لای هێمن (موکریان)، فۆرمێکی ناسادەیە :

زمانی ستاندەر	لای (هێمن) موکرە	لا
ختوکە	قانە قدیلە	٢٣٩*
شنگ(گیایەکە دەخورێ)	ئەسپینك	٧٤
قەتێ	کوڕکوڕ	١٩٣

یەخە	بەرکۆژە	٢٥٢

٧- هەندێك وشە لە شێوەی ستاندەردا لەرووی پێکهاتنەوە ناسادەن بەڵام پێکهاتی بەرامبەرەکەیان وشەیەکی سادەیە لای هێمن (موکریان) :

شێوەی ستاندەر	لای هێمن (موکری)	لا
لاسکە دەغل	کلۆش	١٩٩*
ئاوەنیا،بەرئاو	ڕەپستە	١٩٣
دووزمان	شۆفار	٤٦

٨- ئەو وشانەی کە هێمن بەکاری هێناون و لەبەرامبەردا واتە شێوەی ستاندەر وشەیەك نییە گوزارشتی لێبکات بەڵکو بەهۆی فرێزێك یان ڕستەیەك روون دەکرێتەوە :

لای هێمن (موکری)	شێوەی ستاندەر	لا
قرخە مەرەسی	خۆ لەزەوی توندکردن وچیرکردنەوە	٣٠
بناوبوێر	لە دەروندا ناساز	٣٥
گۆشتەزوون	کاتێك برین چاك دەبێتەوە گوشتی پاك دەهێنێتەوە	٢٠٦
ڕەش بەشە	باڵندەیەکی ڕەشە	١٩٢
چارشێو	عەبای ژنانە	٢١
کەوێژە	دەمی پلوسکە گەنم لە ئاشدا	٧٣
بۆشکە	دەفرێکی گەورە	٣٠
پوتە	کێشێکە بەرامبەر(١٦) کیلۆ . (بۆ گەنم)	٧٢
مافنکی	هیچی لەماڵ نەماوە	٧٧
بیزا	گیایەکە بۆ ترشیات بەکاردێت	٧٤
نەوەند	تۆی درەنگی پایز	٧١
کۆسەبازی	یارییەکە لە نەهاران و نەورۆزان دەکرێت	٤٧*
تاسکە تاسك	بەناز ڕۆیشتن	١١٢
خانوی شوڤاژدار	خانوویەك ئامێری گەرمکەرەوەی تێدا بێت	٢٨٢*

بەشی سێیەم: جیاوازییە رستەسازییەکان

لەبواری رستەسازی دا چەند جیاوازییەك بەدی دەکرێت لە نێوان شێوەی ستاندەر و ئەو شێوە ئاخاوتنەی هێمنی شاعر زمانی پێ پڕاوە کە بریتییە لە (موکریانی). بەڵام دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە هەموو ئەو جیاوازیانە لەنوسینەکانی هێمن بەرجەستە نەبووە. بۆیە ئێمە لێرەدا بەپێی توانا تیشك دەخەینە سەر ئەو لایەنە جیاوازانەی ئەم ئاستە، کە لای هێمن دەبینرێت . لە خوارەوە بەپێی کەرستە سینتاکسییە جیاوەازەکان، رەنگدانەوەکە دەخەینە روو:

یەکەم: پریپۆزیشن: ئەوەی لێرەدا وەکو جیاوازی هەستی پێدەکرێت فۆرمی پریپۆزیشنەکانە،پریپۆزیشنەکانی زمانی کوردی هەندێك جار روخساری جیاوازیان هەیە، هۆکارەکەشی یان شێوەی ئاخاوتنە یان زارەکانی زمانە. وەك:

أ- **پریپۆزیشنی (لە)** : ((لەزمانی نوسیندا ئامرازی (لە) خۆی سەپاندوە بەلاّم لەزارەکانی زمانی کوردیدا روخساری دیکە لە چەشنی...لە چەشنی (دە) لە هەندێك شێوەزاری دیکەوە،لەڕاستی دا وەك ئامرازی (لە) لەڕوی ئەرك و وردەکاری هەیە))[٤٩]. لەشێوەزاری موکریاندا لەزۆر شوێن و هەڵکەوتدا لە جیاتی (لە) فۆرمی (دە) خۆی دێنێتە پێشەوە، کە ئەم بارە لە نوسینەکانی هێمندا هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە دەڵێت ((هیچ شتێك دەو دنیایەی دا تەواو نییە))[٢٢٧*] .

نموونەی شیعری هێمن:

هەتا دوژمن نەگەوزێنیٚ دە خوێنم
دەخوێنم بۆگەلی خۆم هەر دەخوێنم[١٦٢]

هەروەها پریپۆزیشنی (لەگەل) دەبێتە (دەگەڵ) ، وەك:

تۆش دەگۆڕییەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر
کەنگیٚ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر[٢٨٠]

ب- **پریپۆزیشنی (بە)** : ئەمەش لە شێوەی ئاخاوتنی موکریان ڕوخساری تری هەیە، (بە) دەگۆڕێت بۆ (وە، ڕە)[٥٠]. هەردوو فۆرمەکە لای هێمن بەدی دەکرێن. نموونە:

لە گوێن (ژاندارك) هەستە وەك مەردان
دووژمن وەدەرنێ لە خاکی کوردان[٩٧]
*   *   *
تا بە دەستی خۆی ڕەنێوبێ بەرهەم و کرگاری کورد
بەردەدەن گاجوتی لەڕ سواری تەراکتۆران دەبن[١٧٣]

نموونەی گۆڕانی فۆرمی پریپۆزیشن لە نوسینەکانی هێمندا زۆر هەستی پێدەکرێن لەم خشتەیەی خوارەوە هەندێکیان دەخەینەڕوو:

شێوەی ستاندەر	لای هێمن (موکریان)	لا
بەگیانی من	وەگیانی من	١٠٢
بەورینگە کەوت	وەورینگە کەوت	٢٤٨
بەدی دێنێ	وەدی دێنێ	٢٣٤
پاڵ بەشەیتانی دەدەم	پاڵ وەشەیتانی دەدەم	٢٩٦
بەدووی دڵ کەوت	وەدووی دڵ کەوت	٣١١
بەکار کەوت	وەکارکەوت	٣١٨
بەخۆ وەخەن	وەخۆ خەن	٣٢٥
بەبەرچاوکەوت	وەبەرچاو کەوت	٦٥*

لەناو پریپۆزیشنەکاندا هەردووپریپۆزیشنی (بە) و (لە) لەناو ڕستەی زمانی کوردیدا ڕوخساری تریان هەیە ئەمەش لەئەنجامی بەدوای یەك داهاتنی هەندێك کەرستە دێتە ئاراوە، ((ئەگەر ئەو ناوە یا ڕاناوەی کە لە دوای پێشبەنی (بە)... دەردەکەوێ بە ڕاناوێکی لکاو دەربڕا (بە) دەبێتە (پێ)))[٥١]. ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە کە کاتێك ئەم حالەتە ڕوو دەدات واتە کاتێك بەپێی یاسایەکی گوێزانەوە (بە) دەگۆڕێت بۆ (پێ)، ئەگەر (پێ) بەنوێنەری (بە) دابنێین. ئەوا لە هەندێك شێوە زاری سەربە زاری ناوەڕاست بەتایبەتیش موکریان ئەوگۆڕانەی کەلەپێشوتر باسمان کرد لە نوێنەرەکانیش ڕوودەدا، بەواتایەکی تر کاتێك (پی) لە جیاتی (بە) دەچێتە بواری بەکاریهێنان، ئەوا بەهەمان شێوە چۆن لەجیاتی (بە)،(وە) بەکادێت، دەشێت لەجیاتی (پێ) ش،(وێ) بەکاربێت. نمونەی لەم جۆرەش لە شیعرەکانی هێمن دەست دەکەون، وەك:

لەئاسمان نی تا وێت رانەگا دەستم
لە قاف نی کاڵەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم[٢٣٢]

ئەم خشتەیەی خوارەوە ئەم نموونانە دەخاتەڕوو کە گۆڕانی فۆرمی پرێپۆزیشنیان تێدا بەرجەستە دەبێت:

شێوەی ستاندەر	لای هێمن (موکریان)	لا
پێی کەوت	وێی کەوت	١٧١
پێکرا	وێکرا	١١٦*

دووەم ڕیزبونی کەرستە[٥٢]: زۆرجا لە نێوان زار و شێوەزارەکاندا جیاوازی هەیە لە چۆنییەتی ریزبوونی کەرەسە پێکهێنەرەکانی رستە و گرێ، ئەگەر جیاوازییەکە کەمیش بێت . ئێمە لێرەدا باسی ئەو جۆرە جیاوازیانە دەکەین لە نێوان شێوەی ستاندەری زمانی کوردی، کە بنەچەکەی شێوەزاری سلێمانییە، لەگەڵ شێوەزاری موکریانی، بەتایبەتی ئەو جیاوازییانەی لای(هێمن) دەبینرێن . ئەو جۆرە جیاوازییانەش بەزۆری لەشوێنی جێناوە لکاوەکاندا دەبینرێت لە ئەرکە جیاوازەکاندا .

١- **جێناوی لکاو لە دەوری بکەردا** : لەشێوەی ستاندەری کوردیدا لەکاری ڕابردووی تێپەڕدا دەستەی خاوەنی جێناوە لکاوەکان ڕۆڵی بکەر دەبینن ((کە بەیەکەمی ئەم بەشانەی رستەوە دەلکێن بە ریزە ١-بەرکاری راستەوخۆ،٢- بەرکاری ناڕاستەوخۆ،٣- پرێپۆزیشن،٤- پێشگری یەکەم، ٥- رەگی کار))[٥٣]. واتە ئەگەر بەرکاری راستەوخۆ هەبوو ئەوا جێناوی بکەر بەمەوە دەلکێ، ئەگەر ئەو نەبوو بەبەرکاری ناڕاستەوخۆوە دەلکێ، بۆئەوانی تریش بەهەمان شێوە.
ئەوەی دەمانەوێ سەرنجی بدەین ئەوەیە کەئەم یاسایە لای هێمن پێشێل کراوە، وەك لەم نموونانەدا روونی دەکەینەوە:

(جارێکی دیکەشم گووتوە.[٣٤٧])

لەم نموونەیەدا هیچ کام لە بەرکاری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و پرێپۆزیشن و پێشگری یەکەم بونیان نییە، بۆیە دەبێ جێناوە لکاوەکە بەڕەگی کارەوە بلکێ بەم شێوەیە.
جارێکی دیکەش گوتوومە

بکەر

بەڵام لە بەکارهێنانەکەی هێمندا بەڕەگی کارەوە نەلکاوە بەڵکو چۆتە سەر ئاوەڵکاری کات وەك:

جارێکی دیکەشم گووتوە

ئاوەڵکار بکە

هەروەها لە نموونەی (زۆری خۆش نەدەویست[٣٩٧]) دا دەبوایە جێناوی لکاو بچێتەسەر بەشی یەکەمی کار و رستەکە بەم شێوە بوایە (زۆر خۆشی نەدەویست).

هەروەها لە شێوەی موکری و لای هێمندا جگە لەکاری رابردووی تێپەڕ، لەجۆرەکانی تری کاریشدا ناکەوێتە هەمان شوێن بە بەراورد لەگەڵ زمانی ستاندەردا. ئەم خشتەیەی خوارەوە شوێنی جێناوە لکاوەکان پیشان دەدات لە زمانی ستاندەر و لای هێمن :

شێوەی ستاندەر	لای هێمن(موکریان)	لا
کەمتر ماندوم دەکردن	کەمترم مندوو دەکردن	٤٥
باش ئاگای لێ بوو	باشی ئاگا لێ بوو	٤٥
چاکتر ئاگام لێ دەبوون	چاکترم ئاگا لێ دەبوون	٤٥
باشتر بەخێوم دەکردن	باشترم بەخێودەکردن	٤٥
لەکوێ دەرسی ئیقتسادم خوێندووە	لەکوێم دەرسی ئیقتساد خوێندووە	٤٥
قەت دڵمان لەیەکتر نەهێشاوە	قەتمان دڵ لەیەکتر نەهێشاوە	٤٥

٢- **جێناوی لکاو لە دەوری بەرکاردا** : لەشێوی ستاندەری کوردیدا هەردوو دەستەی خاوەنی و رێککەوتن، دەتوانن رۆڵی بەرکاری رستە ببینن، جۆری کارەکە لەڕووی کات و دەمکاتەوە کاریگەری هەیە لەسەر دەستە و شوێنی جێناوەکان.

لەنوسینەکانی هێمندا هەندێك نموونە بەدی دەکرێن کەلەڕوی شوێنی جێناوەکانەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانی ستاندەردا. وەك:

(ئەوەی ئێستای دەزانم[٣٤٧])

لەم رستەیەدا (ی) جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك، ئەرکی بەرکاری رستەی بینیوە و چۆتە سەر ئاوەڵکاری کات. بەڵام لەشێوەی ستاندەری کوردی لەکاری رانەبردووی تێپەڕدا

((ئەگەر کارەکە سادە بێت جێناوی لکاوی بەرکار دەچێتەسەر نیشانەی (دە)))[٥٤]. بەم پێیە ڕستەکە دەبێتە (ئەوەی ئێستا دەیزانم)، شوێنی ئەم جێناوە لەم هێلکاریەدا نیشان دراوە :



٣- **جێناوی لکاو لە دەوری دیارخەری ناودا** : لەم ئەرکەشدا هەردوو دەستە جێناوە لکاوەکان دەتوانن ڕۆڵی دیارخەری ببینن لەرستەی زمانی کوردیدا. بەڵام دەستەی خاوەنی زۆرتر ئەم ئەرکە دەبینێت، هەرچی دەستەی ڕێککەوتنە تەنیا لەکاری ڕابردووی تێپەڕدا ئەرکی دیارخەر دەبینێت. لەشێوەی ستاندەردا دەستەی خاوەنی جێناوە لکاوەکان کاتێك دەبن بە دیارخەری ناو، بەکۆتایی ناوە دیارخراوەکە دەلکێن، بەڵام ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە وشەیەکی تر دیارخرابوو، ئەوا جێناوەکە دەکەوێتە دوای دیارخەرەکانی تری ناوەوە. دەستەی ڕیکەوتنیش هەمیشە شوێنیان دوای کارە[٥٥]. بەڵام هەندێك لەو نموونانەی، کە لای هێمن بەرچاو دەکەون، ئەو دەستورانەی سەرەوە دەبەزێنن. وەك : (دوو جارم داك و باب مردوون[٢٧٧])

لەم ڕستەیەدا جێناوی (م) ی دوای (دووجار) بوە بە دیارخەری گرێی ناوی (داك و باب)، کەواتە دەبێ بەکۆتایی گرێیەکەوە بلکێت و ببێت بە (داك و بابم). کەچی ئەمەی جێبەجێ نەکردوە و چۆتە سەر (دووجار). لەم هێلکارییەدا زیاتر ڕوونی دەکەینەوە :

هەروەها لە نموونەی (کزەم لە جەرگی دێ[٢٨٧]) دا جێناوی (م) کە دیارخەری جەرگە نەچۆتە سەر وشە دیارخراوەکە، بەڵکو چۆتە سەر (کزە). پێدەچێت لێرەدا ئەم شوێن گۆڕینەی جێناوە لکاوەکە بەهۆی ئەوەوە بێت کە وشەی (جەرگ) کەوتۆتە دۆخەوە و مۆرفیمی ڕەگەزی نێری (ی) وەرگرتوە.

سێیەم مۆرفیمی بەستن : لەشێوەی ستاندەری کوردیدا سێ مۆرفیمی بەستن هەن (و،ی،ە)، ئەوناوانەی بەهۆی (و) لێکدەدرێن هەموویان بەشداری لە ئەنجامدانی کاری ڕستەدا دەکەن، ئەوانەی بەهۆی (ی) لێکدەدرێن پەیوەندی هەیی لەنێوانیاندا هەیە[٥٦]، وەك: (دارا و ئازاد هاتن،کوڕی مامم هات). لە شێوەزاری موکریان و لای (هێمن) چەند جیاوازییەك لە دۆخی بەستندا دەبینرێت، وەك:

أ- لە شێوەی ئاخاوتنی موکریان دەشێت دوو کەرستە لەناو ڕستەدا بەهۆی (ە) بەیەك ببەسترینەوە و پەیوەندی (هەیی) ش، لەنێوانیاندا هەبێت. ئەم شێوە بەکارهێنانەش لە

نوسینەکانی هێمنی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە، وەك : (لە ماڵە کاك شەهابی...)[١٤٤*]. بەپێی ئەو یاسایەی کە لە زمانی ستاندەری کوریدا هەیە لەبەر ئەوەی پەیوەندی هەیی لە نێوان (ماڵ) و (شەهاب) دا هەیە دەبوایە بەهۆی ئامرازی بەستنی (ی) لەیەکبدرێن، وەك : (لە ماڵی کاك شەهاب).

ب- **ئامرازی (دە)** : ئەو ئامرازە ئەو (دە) یە نییە کە لەشێوەزاری موکریان لەجیاتی پریپۆزیشنی (لە) بەکاردێت وەك (لەگەڵ) دەبێت بە (دەگەڵ). بەڵکو ئەمە ئامرازێکی ترە کە لە شێوەی قسەکردنی موکریان بڵاوە، زۆرجاریش دەپەڕێتەوە ناو زمانی نوسینەوە وەك :(بۆ ڕۆڵەی خۆم دەکڕم کۆچکی دە کەتانی) ڕەنگە خوێنەر بیری بۆ ئەوە بچێت، کە ئەمە هەمان ئەو (دە) یەیە و بریتییە فۆرمێکی تری پریپۆزیشنی (لە)، بەڵام ئەم (دە)یە پریپۆزیشن نییە و بەزۆریش لەو شوێنانە دەردەکەوێت کە خۆیەتی دەگەیەنێت بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شوێنی (ی) ی ئیزافە ناگرێتەوە، چونکە لەو بەکارهێنانانەی کە ئەم (دە) یەی تێدا دەردەکەوێت، (ی) ئیزافەش هەیە واتە بۆ نیشاندانی خویەتییەکە هەم (ی)ی ئیزافەو هەم ئەم (دە) یە بەیەکەوە دەردەکەون، نموونەی لەم جۆرەش لای هێمن دەبینرێت، وەك :

> لە هەوشین و گەدە و لەند
> لە کوێستانی دە سامڕەند[١٥١]

(سامڕەند) ناوی کێوێکە لە کوردستان[٥٧]. وەك ئەوە وایە بڵێین (لە کوێستانی دە سەفین)، ئەگەر ئەم (دە) یە پریپۆزیشنی (لە) بێت بەکارهێنانەکە دەبێتە (لە کوێستانی لە سەفێن) کە ئەمەش نابێت چونکە بەهیچ جۆرێك ئەم شوێنە پێویستی بە پریپۆزیشن نییە. نموونەیەکی تر:هێمنی شاعیر لەنوسینێکی خۆی دا باسی (مامەند) ناوێك دەکات و لەسەر زاری ئەو دەڵێ (هەر سێك تەلاقی دە مامەندم کەون...)[٥٨]. لەم نوسینەشدا (ی) ئیزافە بوونی هەیە بۆ لەیەکدانی (تەلاق) و (مامەند) واتە (تەلاقی مامەند) کەواتە ئامرازی (دە) لەجیاتی (ی) ئیزافە نەهاتوە. لەگەڵ ئەمەشدا هەر پەیوەندیەکی خۆیەتی یان هەیی تێدا بەدی دەکرێت، واتە پێکهاتەکە دەبێتە (هەرسێك تەلاقی هی مامەندم کەون).

چوارەم- مورفیمی ڕەگەز : لە شێوەی ستاندەری ئێستای زمانی کوردیدا ((بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانی و هەندێ شوێنی تردا لەمێژە جنسەکانی ناو دەوریان نەماوە))[٥٩]، مەگەر بە دەگمەن لە هەندێك دۆخی وەك (بانگکردن) دا نیشانەی ڕەگەز لە ڕستەدا بەدەر بکەوێت . بەڵام لە زاری ژووروی

زمانی كوردی نیشانەی نێر و مێ بەتەواوی هەستی پێدەكرێت، نیشانەی تایبەتی هەیە لە دۆخە جیاوازەكاندا، بۆ نموونە لە دۆخی خستنەسەردا (ێ) بۆ نێر و (ا) بۆ مێ بەكاردێت[٦٠]. دەبێ تێبینی ئەوە بكەین كە لە((هەندێ بەشە دیالێكتی خوارووی[٦١] هەرچەندە لە حالەتی ئاساییدا نیشانەی جیاكردنەوەی جنس بەسەر چووە، بەلام لەڕستەدا بە تایبەتی لە دۆخی تیان و بانگهێشتن و ئیزافەدا روون و ئاشكرا خۆیان دەنوێنن))[٦٢]. ئەو شێوەزارانەش بریتین لە(موكریان، خۆشناوەتی[٦٣]...هتد) ئەوەی ئێمە مەبەستمانە و دەمانەوێ تیشكی بخەینەسەر شێوەزاری موكریانە، چونكە هەروەكو لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێدا هێمن سەربەم شێوە زارەیە.

لە شێوەزاری موكریاندا ناو رەگەزی (نێر و مێ) وەردەگرێت، (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ. لە دابەشكردندا بۆ هەریەك لە ناوی نێر و مێ دوو جۆر دەسنیشان كراوە[٦٤]. وەك ئەمەی خوارەوە:

- **بۆنێر :**
- **ناوی نێری دروست** : ئەو ناوانەن كە لەبنەڕەتدا نێرن وەك (پیاو، یەكانە...هتد). لە شێوەی موكریاندا ئەم ناوانە مۆرفیمی (ی) رەگەز وەردەگرن، نمونەی لەم بابەتە لای هێمن دەبینرێت وەك :

هەراسان بوو كچی میری بەجارێ
گوتی بەسییەتی با راسپێرمە یاری(٣١٤)

- **ناوی نێری نادروست** : ئەم ناوانە دەگرێتەوە كە مۆرفیمی رەگەزی نێر وەردەگرن بەلام ئەم جۆرە ڕەگەزە كەمتر لۆجیكییە، وەك (ئەمن دەچمە گوندی) نموونەی ئەم جۆرەش لای هێمن دەست دەكەوێت. وەك:

لە هیچ لا خشپەیەك نایە چرای ماڵێكی نایسێ
بەئەسپایی لەماڵ دێمە دەرێ ، دەخۆشم وەكو نیسێ(١٦٤)

- **بۆ مێ :**
- **ناوی مێی درووست** : ئەوناوانەن کە لە بنەڕەتدا مێن وەك (ژن، ماین،... هتد) مورفیمی (ێ) وەردەگرن. نموونە بۆ ئەم جۆرە :

> ڕەمزی دڵداری لە زینێ فێرنەبوو یارم دەنا
> کوا ئەڤینداری وەفاداری وەکوو من، مەم نەبێ(١٨٠)

- **ناوی مێی نادروست** : ئەو ناوانەن کە مۆرفیمی مێ وەردەگرن، ئەم جورە ڕەگەزەش زیاتر ڕێزمانییە وەك (دار، ئاو، شەڕ...هتد). نمونەی ئەم جۆرە لای هێمن:

> لە بارانێ مەپرسە تا هەور بگرێ بەری ڕۆژێ
> دەبێ بگریم هەتا رووی تۆ لەژێر چارشێوی رەشداییە(١٨١)

- **پێنجەم مۆرفیمی کات** : لەپێکهاتەی کاردا هەندێك مۆرفیمی بەند بەشداری دەکەن، کە کاتی رودان دەستنیشان دەکەن ((ئەم کاتەش ماوەی نێوان ((رودان و رونەدانی کار) و (دەمی ئاخاوتن) دیاری دەکات))[٦٥]. لەزمانی کوردیدا دوو رەگ هەیە بۆ کار (رابردوو) و (رانەبردوو). بۆ دۆزینەوەی ڕەگی داهاتوو زمانی کوردی پەیڕەوی یەك یاسا دەکات.ئەویش بریتییە لە لابردنی (ن) ی چاوگ[٦٦]. ئەو دیاردەیەی لای هێمن هەستی پێدەکرێت بریتییە لە تێچونی مۆرفیمی کاتی رابردوو، کە ئەمەش ئاسایی لە دەنگسازی سوانی دەنگی پێ دەوترێت کە لە ئاخاوتنە ناوچەییەکان بەکاردەهێنرێت. نموونە :

> لەناو دەریای خەیالم دیمەوە من گەوهەری نایاب
> هەمە گەوهەر، ئیتر چاوم لە دینار و درهەم نابێ(٢٦١)

- **دیمەوە:** چاوگەکەی بریتیە لە (دیتن) بۆ وەگرتنی ڕەگی ڕابردوو تەنیا (ن) چاوگ لادەبەین، ئەوەی دمێنێتەوە رەگی کارە لەگەل مۆرفیمی کات (دی+ت)، کە دەبێت بە (دیت) ئەگەر جێناوی ڕێکەوتن وەربگرێت لەگەڵ مۆرفیمی دوپاتی (ەوە)، دەبێتە (دیتمەوە).

بەلاّم لە بەکارهێنانەکەی هێمندا مۆرفیمی کات سواوە و بووە بە (دیمەوە)، ئەم بەکارهێنانەش زیاتر ناوچەییەوە و لەخۆشناوەتی و موکریان هەستی پێدەکرێت.

سوانی مۆرفیمی کات لەکاری (بون) یش دا لای هێمن دەبینرێت وەك:

دەبایە چێژی ئازادی بچێژی
نەوەك فرمێسکی نامرادی بڕێژی[٣٠٩]

– **(دەبایە)** : چاوگەکەی بریتییە لە (بوون)، ڕەگەکەی بریتیە لە (ب) مۆرفیمی کات لە (بوون) بریتییە لە (وو)، کەواتە فۆرمەکە لە زمانی ستاندەردا بریتییە لە (دەبووایە). سەرنجی ئەم هێلکارییە بدە :

دە + ب + وو +ایە

بەردەوامی ڕەگ کات خۆزکە

ئەوفۆرمەی هێمن بەکاری هێناوە بریتییە لە (دەبایە) واتە مۆرفیمی کات (وو) سواوە. ئەم شێوە بەکارهێنانەش لە شێوە زارەکان هەستی پێدەکرێت وەك (موکریان و خۆشناوەتی) .

ئەنجامەکان :

١– دەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین، کە هێمن لە نوسینەکانی دا کەوتۆتە ژێرکاریگەری شێوە ئاخاوتنی موکریان و ئەم کاریگەرییەش بەزەقی هەستی پێدەکرێت.

جیاوازی لە نێوان شێوەی ستاندەر و موکریان هەستی پێدەکرێت، لە هەموو ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازیدا، ئەم جیاوازییانەش لە نوسینەکانی هێمندا(شیعر و پەخشانەکان) ڕنگی داوەتەوە.

٢– هێمن لە نوسینەکانیدا هەندێك کەرستەی بەکارهێناوە کە سەر بە زاری ژووروی زمانی کوردییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هێمن جگە لەوەی کوتۆتە ژێرکاریگەری موکریان، تاك و تەراش کوتۆتە ژێر کاریگەری زاری ژوورو.

٣- هەرچەندە شێوەزاری موکریان سەربە زاری ناوەڕاستە، بەڵام هەندێك لایەنی لێکچووی تێدا بەدی دەکرێت لەگەڵ زاری ژووروودا. بەتایبەتی لەڕووی دەرکەوتنی رەگەز و دەستەجێناوەکان دا، ئەمەش لە نوسینەکانی هێمندا رەنگی داوەتەوە.

٤- لەناو شێوەزارەکانی زاری ناوەڕاستدا، شێوەزاری موکریان وخوشناوەتی لەیەك نزیکترن، ئەم نزیکییەش زیاتر خۆی لە لایەنی فەرهەنگی دەبینێتەوە لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەی رەگەز و شوێنی جێناوە کەسییە لکاوەکاندا .

پوختەی لێکۆڵینەوە :

بەزۆری لەناو گەلاندا، زمانی ستاندەر دەبێتە زمانی ئەدەبیات لای هەموو ئەدیبان، بەڵام لەبەرئەوەی لای کورد زمانی ستاندەر نەچەسپیوە، زارە جیاوازەکان ئەدەبیاتی خۆیان هەیە، زۆرجاریش شێوەزار و زمانی ناوچەیی لە نوسینی ئەدەبیماندا ڕەنگ دەداتەوە. زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی تاڕادەیەکی زۆر بووە بە زمانی ستاندەر و ماوەیەکی زۆرە ئەدەبیاتی پێ دەنووسرێتەوە، ئەو شێوەیەش لەناو ستاندەردا درێژکراوەی ئەو شێوە زمانەیە، کە نالی وسالم وکوردی و... شیعریان پێ نوسیوە. (هێمن)ی شاعیر یەکێکە لە قسەپێکەرانی شێوەزاری موکریان کە سەر بەزاری ناوەڕاستە، بۆیە لە نوسینەکانی خۆیدا پەیڕەوی ئەو شێوە ستاندەرەی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوەی هێمن زۆربەی تەمەنی لاوی خۆی لە ژینگەی دێهات و ژیانی کشتوکاڵی و کوێستان و گەرمیانی ناوچەی موکریاندا بەسەربردووە و شارەزاییەکی تەواوی پەیدا کردووە لەبارەی وشە و زاراوەکانی ئەو ناوچەیە، بۆیە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەند و ڕەسەنەی کە هەر لە منداڵییەوە زمانی پێ پژاوە و لەکاتی نوسینی شیعر و پەخشانەکانیدا نەیتوانییوە خۆی لێ بەدووربگرێت، بە ڕادەیەك کە یەکێك شیعرێکی هێمن بخوێنێتەوە دەزانێت خاوەنەکەی سەر بە ناوچەی موکریانە. ئەم باسە هەوڵێکە بۆ دەست نیشان کردنی ڕەنگدانەوەی شێوەزاری ناوچەیی لەسەر شیعر و پەخشانەکانی هێمن و ڕادەی بەرجەستەبوونی لە نوسینەکانی دا.

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجامەکان لە دەروازەیەك و سێ بەش پێك هاتووە،دەروازەکە تەرخانکراوە بۆ چونییەتی دابەشبوونی زمانی کوردی بۆسەر چەند زارێك و ئەوانیش بۆ چەند شێوەزارێك. لەگەڵ کورتەیەکی ژیانی هێمن. لەبەشی یەکەمدا ئەوجیاوازیانەی لەنێوان شێوەی ستاندەر و موکریان لەڕووی دەنگسازییەوە بەدی دەکرێت و لە نوسینەکانی هێمن رەنگی داوەتەوە خراوەتەڕوو.لەبەشی دووەمدا رەنگدانەوەی شێوەی ناوچەیی لەنوسینەکانی هێمندا دەست

نیشانکراوە لەڕووی وشەسازی و فەرهەنگییەوە. بەهەمان شێوە لەبەشی سێیەمدا ئەم کاریگەریانە لەڕووی ڕستەسازییەوە خراوەتە ڕوو.

---

[١] زمانی نەتەوایەتیی کوردی، کامل حسن البصیر(د)، ل١٥.

[٢] زارە کوردییەکان، عەبدولواحید موشیر دزەیی(پ.د)، ل١٧.

[٣] هەندێ جیاوازیی زمانی لە شێوە ئاخاوتنی شوانی کێشکدا بە بەراورد لەگەڵ زاری کوردیی ناوەڕاست، هیوا ئەحمەد عەسساف، نامەی ماستەر، ل٥.

[٤] زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، فوئاد حەمە خورشید(پ.د)، ل٤١.

[٥] نووسەر زاراوەی (کرمانجی، باکوور، باشوور)ی بەکارهێناوە

[٦] دیوانی هێمن (سەرجەم بەرهەمە شیعریەکانی)، ل٢٦.

[٧] زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، فوئاد حەمە خورشید(پ.د)، ل٥٤.

[٨] زمانەوانی، ڕەفیق شوانی(د)، ل٢١٠-٢١١.

[٩] دیوانی هێمن (سەرجەم بەرهەمە شیعریەکانی) ،ل٢٠،١٩.

[١٠] دیوانی هێمن(سەرجەم بەرهەمە شیعریەکانی) ، ل٢٢.

[١١] دیوانی هێمن (سەرجەم بەرهەمە شیعریەکانی)، لەکوێوە بۆ کوێ ل٢٦-٩٢

[١٢] ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، وریا عومەر ئەمین،(پ.د)، ل٥٣

[١٣] مەبەستمان لە زمانی ستاندەری کوردی ، زاری ناوەڕاستی زمانی کوردییە کە ئێستا خەریکە وەکوو ستاندەر دەچەسپێ

[١٤] فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی ، غازی عەلی خورشید ل١٩٧

[١٥] د. محمد معروف دەڵێت (هەندێ جێ گۆڕکێ پەیوەندی ز.... بە ئاستی ڕۆشنبیریەوە هەیە.... بۆیە ئەم فۆرمانە لە قسەی نەخوێندەوار زیاتر دەردەکەون.وەك جومعە – جوعمە ،... لەعنەت – نەعلەت) بڕوانە (زمانەوانی،محمد معروف، (پ.د) ل٩٥.) کەچی ئەم حالەتە لای هێمن هەستی پێدەکێت و هەمووشمان دەزانین کە هێمن یەکێکە لە خوێندەوار و ڕۆشنبیرە هەرە بەتواناکانی گەلەکەمان.

[١٦] ئەودەقە شیعرییە یان نوسینەی هێمن کە تەنیا ژمارەی لاپەڕەکە لەبەرامبەری نوسراوە لە (دیوانی هێمن سەرجەم بەرهەمە شیعریەکانی)، وەرگیراوە، هەروەها ئەوەی لەکەڵ ژمارەی لاپەڕەکەدا ئەستێرەیەکی لەسەر کراوە لە (هەواری خاڵی، سەرجەمی نوسینی هێمن) وەرگیراوە

[١٧] بڕوانە یاسادەنگییەکانی زمانی کوردی، دولبەر ابراهیم فەرەج ،ل٦٠

[١٨] فەرهەنگی زاراوەی زماناسی،ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (د)، ل١١٣

[١٩] لەم وشەیەدا لەیەك کاتدا گۆڕان و سوان ڕویداوە ، کە ئەمەش ئاساییە لە زمانی کوردیدا.

[٢٠] بڕگەو ئاسانبوونی بڕگە لە کوردیدا، ڕەحمان اسماعیل حەسەن،ل٧٤.

[٢١] دیارە مەبستمان جیاوازی فۆرمە نەك واتا

[٢٢] بڕوانە زمانەوانی، محمد معروف، (پ.د) ، ل٩٣

[٢٣] رەنگە هەندێك لە سوانەكان بە هۆی زەرورەتی شیعرییەوەبێت، بەڵام لەشێوەی موكریان ئەم جیاوازییانە هەستیان پێدەكرێت لە دەرەوەی چوارچێوەی شعریشدا.
[٢٤] فەرهەنگی زاراوەی زماننناسی،ئەورەحمانی حاجی مارف، (د)، ل٨٣
[٢٥] زمانەوانی، محمد معروف، (پ.د) ، ل٩٥
[٢٦] فەرهەنگی زاراوەی دەنگسازی ، طالب حسێن ،(د)، ل٧
[٢٧] هەمان سەرچاوە ل٢٠٧
[٢٨] بڕوانە بڕگەو ئاسانبوونی بڕگە لە كوردیدا، ڕەحمان اسماعیل حەسەن ل٩٧
[٢٩] وشەڕۆنان لە زمانی كوردیدا، ئەوڕەحمانی حاجی مارف،(د)، ل٢١
[٣٠] ئەم پێشگرە لە شێوەی ستاندەردا (بە)یە، بەڵام لە شێوەی موكریاندا گۆڕانی دەنگیی بەسەرداهاتووە و بووە بە (وە).
[٣١] لێرەدا (دەر) بەواتای (دەرەوە) هاتووە ، كە ئاوەڵكارە ، بەڵام وشەكە لە بنەڕەتدا لەناوی (دەر=دەرگا) وە هاتوە
[٣٢] ئاسۆیەكی تری زمانەوانی ، وریا عومەر ئەمین،(پ.د)، ل٢١٦
[٣٣] یاسادەنگییەكانی زمانی كوردی، دولبەر ابراهیم فەرەج ل٨٠
[٣٤] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (هەندێ بەراورد و سەرنجی زمانەوانی، مەزن عثمان ل٥٠)
[٣٥] شێوەی سلێمانی زمانی كوردی،زەرێ یۆسۆپۆڤا، وەرگێڕانی كوردستان موكریانی، ل٨٤
[٣٦] ئاسۆیەكی تری زمانەوانی ، وریا عومەر ئەمین،(پ.د)، ل٣١٦
[٣٧] لێكۆڵینەوە زمانییەكان ، محمد معروف ،(پ.د)، ل٢٠
[٣٨] فەرهەنگی زاراوەی زماننناسی،ئەورەحمانی حاجی مارف، (د)، ل١٣٥
[٣٩] هەمان سەرچاوە، ل١٣٤
[٤٠] ئامراز لە زمانی كوردیدا ،ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ،(د)، ل١١
[٤١] بڕوانە لێكۆڵینەوە زمانییەكان ، ممد معروف فتاح،(پ.د)، كۆكردنەوەی (شێروان حسێن و شێروان میرزا)، ل٢٢٧
[٤٢] ئامراز لە زمانی كوردیدا ،ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ،(د)، ل٩١
[٤٣] بڕوانە ڕێزمانی ئاخاوتنی كوردی، لیژنەی زمان و زانستەكانی لە كۆڕی زانیاری كورد، ل٢٤٢
[٤٤] تحفەو مظفریة،پێشەكی و ساغكردنەوەو هێنانە سەر ڕێنوسی كوردی هێمن موكریانی ، ل١٩٩
[٤٥] مۆرفیمە ڕێزمانییەكانی كار ، عبداللە حسین ڕەسول، نامەی دكتۆرا، ل١
[٤٦] محمد معروف ، زمانەوانی ، سەرەتایەك لە زمانەوانی بەكەرەسەی كوردی .
[٤٧] هەندێ جیاوازیی زمانی لە شێوە ئاخاوتنی شوانی كێشكدا بە بەراورد...، هیوا ئەحمەد عەسساف، نامەی ماستەر، ل٨٠
[٤٨] ئاسۆیەكی تری زانەوانی ، وریا عومەر ئەمین،(پ.د)، ل١٦٧
[٤٩] ڕێزمانی ئامرازی پەیوەندی لەئاستی زمانی نوسیندا ، شێركۆ بابان،(پ.ی.د)، ل٧٢
[٥٠] بڕوانە هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لەزمانی كوردیدا،سەباح ڕەشید قادر،(د)، ل٦٩
[٥١] ئاسۆیەكی تری زمانەوانی ، وریا عمر ئەمین،(پ.د) ل٤٢
[٥٢] مةبةست لة ريزبونى كةرستة ، رسزبونى ئةندازةيى (بكةر – بةركار – كار) ،(S O V) نيية
[٥٣] ئاسۆيةكى ترى زانةوانى ، وريا عومةر ئةمين،(ث.د)،ل٩٤

[٥٤] زمان و ئەدەبی كوردی، پۆلی شەشەمی ئامادەیی ، وێژەیی و زانستی و سێیەمی قوتابخانە پیشەییەكان، لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، لا٩٦

[٥٥] بڕوانە زمان و ئەدەبی كوردی، پۆلی شەشەمی ئامادەیی ، وێژەیی و زانستی و سێیەمی قوتابخانە پیشەییەكان، لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، لا٨٠

[٥٦] ئاسۆیەكی تری زانەوانی ، وریا عومەر ئەمین،(پ.د)،لا٢٢٥

[٥٧] هەمبانەبۆرینە، فەرهەنگ كوردی – فارسی، هەژار، لا٤٠٩

[٥٨] هەواری خاڵی ، سەرجەمی نوسینی هێمن، بەرگی دووەم، لا٢٨٢

[٥٩] ڕێزمانی كوردی بەرگی یەكەم، مۆرفۆلۆژی، بەشی یەكەم، ناو،ئەورەحمانی حاجی مارف،(د)، لا١٦٧

[٦٠] بڕوانە ڕێزمانا كوردی كرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەركری، صادق بهاوالدین ، لا١٦٦

[٦١] مەبەست زاری ناوەڕاستە

[٦٢] ڕێزمانی كوردی بەرگی یەكەم، مۆرفۆلۆژی، بەشی یەكەم، ناو،ئەورەحمانی حاجی مارف،(د)، لا١٦٧

[٦٣] بۆزانیاری دەربارەی ڕەگەز لە شێوەی خوشناوەتی بڕوانە (سیما تایبەتییەكانی شێوەزاری خۆشناوەتی، نەبەز فتاح بابكر، نامەی ماجستێر، كۆلێژی زمان زانكۆی سەلاحەدین،٢٠٠٩. لا٨٨-٩٨

[٦٤] بڕوانە هەندێ بەراورد و سەرنجی زمانەوانی، مەزن عثمان، لا٥٧

[٦٥] هەندێ جیاوازیی زمانی لە شێوە ئاخاوتنی شوانی كێشكدا بە بەراورد لەگەڵ... ، هیوا ئەحمەد عەسساف، نامەی ماستەر، لا٧١

[٦٦] ئاسۆیەكی تری زمانەوانی ، وریا عومەر ئەمین،(پ.د)، لا٣٨١

The impact of local dialect in (Hemni mukuryany)s writings

Asst.Lecturer: omer ahmed abdul rahman(M.Sc. Master)
Omer.abdulrahman@hotmail.com

Abstract

Often in nations, the standard language becomes the language of literature for all scholars but for Kurds as the standard language is yet to be established, various dialects have their own literature and frequently the registers and vernaculars have been reflected in our written literature. The central Kurdish has to some extent become the standard language and it's a long while literature is written in this dialect. This dialect is the extension of the dialect in which Nali, Salim, Kurdi,… versed poetry. Poet Hemin is one of the native speakers of Mukriyani register which belongs to central Kurdish, therefore, in his writings he has adopted this standard dialect. Despite this, since Hemin spent most of his youth life in the countryside environment and in agricultural, mountainous and summer quarters of Mukriyan district and mastered the words and terms of this districts well, he was influenced by this rich and original lexicon which since the childhood he focused on and the one which he could not avoid when composing a poem or prose to an extent that when one reads one of his poems he will know that the owner of the piece is form Mukriyan district. This study is an attempt to indicate the reflection of register on Hemin and the extent register is rendered in his works.

The study apart from the introduction and conclusions consists of a preface and three sections. The preface is devoted to explaining the divisions of the Kurdish language into some dialects and registers and a summary of Hemin's biography. In the first section the differences between the standard and Mukriyani forms in terms of phonology which have been reflected in Hemin's poems are presented. In the second section the impact of the register in terms of morphology and lexicology on Hemin's prose are indicated. Similarly, in the third section such influences in terms of syntax have been pointed out.